کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-7-2007 18:07بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

2007-7-9- سوید

**بەریتانیاو شەڕی توندڕەوە ئیسلامیەکان هەتاکو کوێ!!.. نەجمەدین شێخ بزێنی**



ڕۆژی 2007/7/8 حەوت، (ئالان ویست) وەزیری نویی ئەسایشی بەریتانیا، ڕای گەیاند کەشەڕی بەریتانیا دژی توندڕەوە ئیسلامیەکان 15 ساڵ درێژەی ئەبێت!! دیارە بەڕێزیان بەبۆچونی خۆی مەبەستی بەدەستهێنانی سەرکەوتنەو هیوادارین مەبەستەکەی بێتەدی، بەڵام بە بۆچونی ئێمە، ئەوە لەخەیاڵ پەڵاو بەولاوە، زیاتر نیە!! دیارە زانست تاکو ئێستا نەیتوانیوە ڕوداوەکانی لەداهاتودا دیّ، لەسەدا پەنجاش دیاری بکات، جیالەڕوداوە سروشتیەکان، ئەویش ئەگەڕێتە وە بۆ (ئیلهام) لەمرۆڤدا، ئەوەش هەرنادیارەو لەسەداسەد بڕوای پیّ ناکرێت، کەوابو مرۆڤ ئەتوانیّ پێش بینیەکانی داهاتو لەکردارو هەڵسوکەوتی کات و ساتی سەردەمدا دیاری بکات، بەو پێیەش دور نیە بۆچونەکەی وەزیری بەڕێزی بەریتانی بەپێچەوانەوە نەبێت! بۆنمونە وەک لەبەرچاوە، لەم سەردەمەدا، نەک تەنها بەریتانیا بەڵکو هەمو وڵاتانی ئەوروپا کۆ بۆتنەوە لەژێرسەیوانێکی دیموکراسیەتدا، بەڵام کام دیموکراسیەت؟ نەک ئەودیموکراسییەی وڵاتی تورکیاکە بەلای کەمەوە چارەنوسی 20 ملیون مرۆڤی کوردپیّ شێل ئەکات و ئەوروپاش بەدەوڵەتی دیموکراسی ناوی ئەبات!! بەڵکو ئەو دیموکراسییەتەی بە مانای ووشە دێت و بگرە زیاد لەوەش مافی جانەوەرو، زیندەوەرە کانیشی دابین کردووە، دیارە ئەمە لەڕوی هەستی مرۆڤایەتیەوە، هەتا بڵێی شتێکی پیرۆزە، بەڵام لەڕوی ئەسایشی نەتەوەییەوە، هەتا بڵێی مەترسیدارە بۆ دوا ڕۆژی ووڵاتەکان بەگشتی!! بۆنمونە من وەک هاووڵاتێکی سویدی بەڕەگەز کورد ئێستا لەسوید ئەژیم، ئەبینم مرۆڤێک گەڕەکێکی بێزار کردووە بەکرداری نارێکو نابەجیّ پۆلیس خۆشی لێی بێزارە، بەڵام دەستی بۆنابات، چونکە هەستی بریندار ئەبێت! بەڵام گەڕەکەکە هەموی بێزارە گرینگ نیە بەلایەوە، چونکە یاساکە وادارێژراوە!! کاتێکیش کارەساتێکی گەورە دروست ئەکات، تەنانەت کاری کوشتن و بڕینیش، پۆلیس دەستگیری ئەکات، بەڵام دادگا بەبەڵگەی سەرخۆشی، وەیانەخۆشی دەرونی، بەسەزایێکی زۆر سوک دەربازی ئەکات!! بێجگەلەوەش کەزیندانی کردنەکەشیان بەجۆرێکە کە نازانن بێزاربون چیە!! جائەمە خۆی لەخۆی دا جۆرە هاندانێکە بۆ ئەومرۆڤانەی هەڵسوکەوتی دەرونیان تەواو نیە، وەیا ئەتوانین بڵێین کەسەرەڕۆنو بیّ کەڵکن. دێمەوە ناوەڕۆکی بابەتەکە، دیارە مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە، ئەوشێوازە دیموکراسیە بەربەڵاوو کراوەیە، بۆتە هۆکاری دروست بونی زبڵدانێکی ڤایرۆسی بیری دژ بەمرۆڤایەتی، لەژێر پەردەی مافی ئازادی تاکو کۆمەڵدا!! لەبەرانبەریشدادەزگای ئەسایشی نەتەوەیی دەوڵەتەکان، بۆ بەرەنگاربونەوەو بەگژدا چونی ئەوڤایرۆسە کوشندەیە، کەلە دەرونی ئیسلامە توندڕەوەکانەوە هەڵ ئەقوڵێن و ناو زەند کراون بە (تیروریست) خۆیان داوەتە پاڵ کۆمەڵگای نیّ ودەوڵەتی وچونەتە ناوشەرێکی جیهانگیری تیرۆرەوە، کەگەورەترین زلهێزی جیهان سەر پەرشتی ئەکات ئەویش کەئەمریکایە!! بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانەو کەمرۆڤ ئەترسیّ بیڵیّ ئەوەیە، ئەم ڕاگەیاندنە گەورەیە بەناوی شەڕی تیرۆرەوە ڕاستە؟!! ئەمە بۆبنبڕکردنی تیرۆریستانە؟ وەیابۆپەیداکردنی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سەرچاوەی داراییە، بۆ هەشت دەوڵەتە سەرمایەداریەکەی جیهان، کەکاری کارخانەو پرۆژە چەکسازیەکانیان پێ ئەنجام بدەن و لەکار نەکەون، تابتوانن هەرچی چاڵە نەوتو ووزەی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست هەیە بیکرن و دەستی بەسەردا بگرن!! هەروەکو ئێستاش والەبەر چاوە، ڕۆژانە بەمەلایین بەرمیل نەوت ڕائەکێشرێ لەکێڵگەکان، بەڵام هێشتا بەشی نرخی چەکو کەرەسەو تەقەمەنیەکانی پێویست بە وولاتەکانیان ناکات!!، شتێکی شاراوە نیەو هەمو کەسێ ئەزانێ، ئەوانەی ناو ئەبرێن بە (تیرۆریست) نەدەوڵەت و نەسنورو، نەکۆمەڵگایێکی تایبەتیان هەیەو، نەهێزێکی دیاری کراون

لەسنورێکدا، ئیتر نازانین شەڕ لەگەڵ کێدا ئەکرێ؟!! وادیارە شەڕ لەگەڵ ووشەیێکدا ئەکرێ پێی ئەڵێن تیرۆر، وەیاتیرۆریست، بەڵام ئەوانە زادەی بیرۆکەی ئاینین، نەک نەتەوەیێک وەیادەوڵەتێ، ئەوان زێدەی بیرۆکەیێکی کوێرانەی توندڕەوی ئیسلامین و لەدەرونی ئەوانەوە، وەکو ڤایرۆسەکان لەدایک ئەبن، کەوابو هەتائیسلامی کویربینی توندڕەو بمێنێ، ئەوانیش هەرئەمێنن و بەکوشتن و گرتن و بڕین کۆتاییان پێ نایێت!! لێرەدا ئەمەوێت ئاماژە بەوەش بکەم ڕەنگبێ هەندێ کەسان ئەگەر ووتارەکە بخوێننەوە بپرسن بۆ ناوی بن لادن وەیا (قاعیدەی) نەهێناوە؟!! لەوەڵامدا ئەڵێم من بڕوام بەوەنیە ئەوەشتێکی دروستکراوە بۆ ئامانجەکەیان!! جوانترین بەڵگەش بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلانە، کەسەرکردەیێکی نیشتمان پەروەرو شۆڕشگێڕی کوردستان بو، کەداوای مافێکی ڕەوای گەلەکەی ئەکرد، هەر لەبەر خاتری تورکیاناویان لێنا تیرۆریست و، هەرلەلایەن دەزگای هەواڵگەری ئەمریکاوە، بەبێ یارمەتیدانی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی، ڕاوەدو نراو نەیتوانی لەم دونیا پان و بەرینەدا خۆی بشارێتەوەو، دەستگیریان کردو پێشکەش بەدەزگای میتی تورکیان کردەوە!! ئەی خێرە بن لادن بەخۆیو دەستەیێک سەرکردەوە، لەنێوانی سنوری دو دەوڵەتدا کە هەردوکێشی هاوپەیمانی خۆین، بەملیون مرۆڤ لەناوچون ئەوێش مەگەر جار جارە بۆ ڕیکلام ناوی بهێنرێ؟؟کەواتە شەڕی دژە تیرۆر بۆ لەناوبردنی نیە!! بەئاگرو ئاسنیش لەناونابردرێت!! ئێمە وەک لەپێشەوە ئاماژەمان پێکرد کە تیرۆریست زێدەی ئیسلامی توند ڕەون، هەتا ئیسلامی توند ڕەویش بنبڕ نەکرێت تیرۆر بنبڕ ناکرێت!! ئیسلامی توندڕەویش بەو شێوازەی کەهەتائێستا وولاتان باوشیان بۆ کردۆتەوەو لەبواری خۆش گوزەرانی ئازادی هەڵسو کەوت و چاوپۆشی کردن لەپەروەردە کردنی چەواشەکاری ئاینی و دابین کردنی جێگەو ڕێگەی کۆڕو کۆبونەوەکانیان بەبێ لەسەر بونی هیچ سانسۆرێکی نهێنی و نانهێنی، هەر لەپەرەسەندندا ئەبێت و ڕۆژ بەڕۆژیش زیاتر جێگەی خۆیان ئەکەنەوە!! لە کۆتاییدا ئەڵێم هەتا توندڕەوانی ئیسلامی لەلایەن دەوڵەتانەوە هەمو شتێکو کارئاسانییکیان بۆ فەراهەم بکرێت لەژێر پەردەی ئازادی مافی مرۆڤداو، ئەوانیش لەسەدا نەوەدی مرۆڤەکانی نەزان و دواکەوتوو مێشک گرێدراوبن و پەروەردە بکرێن بەناو جیهاد لەڕێگەی خوادا، بۆ کوشتن و بڕینی کویرانە، تەڕو ووشک پێکەوە بسوتێنن هێشتا ئۆخەی نەکەن!! ئیتر خوا یارمەتی کودستان بدات، ئەگەر بەریتانیا کەوڵاتێکی ئیسلامی نیە پێویستی بە 15 ساڵ بێت بۆ ڕزگار بون لەئیسلامی توندڕەو، ئەبێت کوردستان چەندی بوێت؟!! هەرچەندە بۆچونەکەی بەڕێز (ئالان ویست) وەزیری نوێی بەریتانیاش نایێتەدی چاکتر وایە هەر بپاڕێنەوە، بڵێن خوایە لێمان ڕازیبن پێکەوە بژێێن و دێمکراسیەکەشمان پایەداربێت!!!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.